کوڕی کانی عاشقان- سوید
Falah_30@hotmail.com

## گروپی موزیکی هەڵەبجە شارەکەیان خستۆتە باوەشی سویدەوە

هونەر ئەو ئامرازەیە کەزۆر کەس ناتوانێت پەی پێبەرێت و جوانکاری و داهێنان بکات. دوو لاوی خوێن گەرم لە سوید سەرقاڵی هونەری موزیکن، ئەوان پێیان وایە لەڕێگای هونەرەکەیانەوە ئەتوانن خزمەت بکەن و هەڵەبجە جوانتربکەن.

دێنێ دڵشاد هەڵەبجەیی تەمەن 18 ساڵە ئێستا خوێندکاری ئامادەیی لە بەشی موزیك لە شاری { سالە} لە ولاتی سوید ئەژی، ئامێری ئۆرگ وکیتار و پیانۆ دەژەنێت، دێنێ دەڵێت:- من حەزم لە هونەری کوردی ڕەسەنە و هەوڵ ئەدەم بۆ پێشخستنی هونەری کوردی وتازەگەری لەم هونەرەدا،هەر بۆ ئەم مەبەستەش دەخوێنم،چەند ساڵی تریش من لە سوید بم هەمیشە کوردستان و هەڵەبجە لەیاد ناکەم هەوڵ ئەدەم لەڕێگای هونەرەکەمەوە هەڵەبجەکەم جوانتر بکەم، هەربۆیەشە گروپەکەمان ناو ناوە[ گروپی موزیکی هەڵەبجەی شەهید }، سەبارەت بە چالاکییەکانیان لە سوید دێنێ بەردەوام بوولە قسەکانی وتی:- ساڵی 2003 لە پێشبڕکێیەکی موزیك بۆ لاوان، من و دەوەنی برام بەشدار بووین لە کۆی 800 گروپ ئێمە چوینە پلەی کۆتایی دووهەمیمان بەدەست هێنا شایانی باسە بەجل و بەرگی کوردی و موزیکی کوردی،سەرباری ئەمانە ئالای کوردیستانمان بڵند کردبوو،

دێنێ زۆر حەزی لەئامێری شمشاڵە ،،سەبارەت بە بەشداری کردنی لەگەڵ هونەرمەندەکان دێنێ وتی:-لەگەڵ هونەرمەند دڵشاد پیرداود و دەرون و شاخەوان هەڵەبجەیی بەشداربووم و هاوکاریم کردون بە موزیك،سەبارەت بەمەقامەکان دێنێ بەردەوام بوو لە قسەکانی وتی:- من ناڵێم شارەزایی تەواوم هەیە لە مەقامە کوردییەکاندا وناشڵێم شارەزانیم،بەلام زۆر گوێم لە مەقامەکانی هونەرمەندان و مامۆستایانی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.softwarelabs.com

مەقاماتی کوردی تایەر تۆفیق و عەلی مەردان و حەمەساڵح دیلان و حەسەن زیرەك گرتووە، ئەتوانم بڵێم کەم هەتا زۆر دەیانناسمەوە،هەر بۆیەشە ئەمەوێت کەناڵی نزیك بوونەوەم لە مامۆستا عەدنان کەریم بدۆزمەوە هەتا ئەم بەڕێزە باشتر فێری مەقامەکانم بکات بۆ ئەوەی هەڵە نەکەم،سەبارەت بە پەوەندتان لەگەڵ تیپی موزیکی شنرویێ؟دێنێ وتی:- پێم خۆشە لەئایندەدا ببمە ئەندام لەو تیپە پێشکەوتووەدا.

هەر لەهەمان کاتەدا برا بچکۆلەکەی بەناوی دەوەن دڵشاد هەڵەبجەیی، لەولاوە رۆحی تێکەل بە کەمانچەیەك بوو، ئەگەر چی سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ ڕۆژی جیهانی کولتوری لە سوید، لێی چومە پێشەوە لەخەڵوەتەکەی بچڕاندم و پێم ووت:- ببوورە دەوەن گیان بۆچی تۆ هونەرت هەلبژاردووە بۆ خۆت؟ لەوەڵامدا دەوەن وتی:- هەمووکەس هیواو ئاواتی خۆی هەیە منیش نەك هەر بەتەنها هیواو ئاواتمە بگرە خەونەکانم لە موزیکدا دەبینمەوە ، دەوەن تەمەنی 14 ساڵە،ئەو بڕوای وایە بۆ پێشخستنی هونەر و گۆرانی و موزیکی کوردی دەبێت مۆرکی ڕەسەنایەتیەکەی وون نەکەین ، دەوەن دەڵێت هاندەری سەرەکیمان بۆ هونەرەکەمان باوکم و دایکمە ، باوکم هەموو ئامێرەکانی بۆ کڕیوین و بووارمان بۆ دەڕێسێنێت بۆ ئەم کارەمان، کەم باوك و دایك هەن لە ئەورووپادا مناڵاکانیان وەکوو کوردێکی ڕەسەن پەروەردە بکەن،من سوپاسی هەردوکیان دەکەم،سەبارەبەگروپەکەیان و کاروچالاکییەکانیان دەوەن وتی:- بەشداری زۆربەی یاد و بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی کوردمان کردوە لەگەڵ هونەرمەند چۆپی ودڵشاد پیرداود هەندێ لە هونەرمەدەکانی تر بەشداربووم ئەمەو بەشداریکردنم لە بۆنەتایبەتەکانی سوید هەبووە وەکوو کوردێك ،هەمووساڵێکیش لە ڕۆژی 04/30 بەشداری بۆنەیەکی سویدی دەکەین کەیەکەم ڕۆژی بەهار دەکات ،ئێستاش خۆمان ئامادەدەکەین بۆ ڕۆژی جیهانی کولتوری لە سوید کە زیاتر لە 26 نەتەوە بەشدارن، سەبارەت کاریگەری موزیك ژەنەکان دەوەن وتی:- لە کەمانچە ژەنەکان مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی و مامۆستا دڵشاد کاریگەریان زۆرەلەسەرم، لەلاوەکانیشدا کاك فەرهاد موحەمەد

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.softwarelabs.com

سالْح و خەمگین فەرەج و  عارف شەكوری كە كورپیكی فارسە بەلآم جیّگا دەستی دیارە لە هونەری كوردیدا، دەوەن زۆر حەزی لەدەنگی گۆرانی بیّژەكانی ئەمسەردەمە بەرِیّزان عەدنان كەریم و زیاد ئەسعەد وئەژدەر وەهبی ،لە فۆلكۆریشدا  مامۆستایان حەسەن زیرەك و تایەر تۆفیق وكەریم كابان و عەلی مەردان وئیبراهیمی خەیات و موحەمەدی ماملیّ وقادر كابان وموحەمەد ئیبراهیم عەبدوول و عوسمان كیّمنەیی{هەورامی}. سەبارەت بە تیّكەلاو كردن وشیّواندنی موزیكی كوردی بە هونەرەكانی دراوسیّوە هەردوییان پیّكەوە وتیان :- ئیّمە رِامان وانییە هەندیّ لەگۆرانی بیّژەكانمان رِیّزمان  هەیە بۆیان موزیكی توركی و فارسی و عەرەبی تیّكەلْ دەكەن بە هونەری كوردی ئەمەشیّواندنە و بە خیانەتی دەزانین ، سەبارەت بە ئاواز دانان ئەوان دەلْیّن :- ئیّمە جاریّ هەولْمان  نەداوە ئاواز دا بنیین كاریّكی قورس و گرانە بەلآم زۆر حەزدەكەین كاریّكی جوان بۆ باوكمان بكەین چوونكە زۆر یارمەتی هەردوكمانی داوە ،دەوەن و دیّنیّ  لەئایندەدا دەیانەویّت ببنە مامۆستای موزیك بۆ ئەوەی خزمەت بە كورد و كوردستان بكەن و  هەلْەبجە جوانتر بكەن، خەون بەكۆلآنەسپییەكانی كانی قوولْكەو كانی عاشقان و پیر موحەمەددەوە ئەبینن وئاواتیان وایە  رِۆژیّك لەرِۆژان برۆنەوە بۆ ئەو شارە بریندارە تا بتوانن وەكوو گروپی موزیكی هەلْەبجەی شەهید خزمەت بكەن .

لەكۆتاییدا ماوەتەوە بلْیّن دیّنیّ و دەوەن دوو لاوی خویّن گەرمی شاری هەلْەبجەن لە سالْی 1998 تەوە لە ولآتی سوید ئەژین پیّویستیان بەهاوكاری كردنە، زۆر كەمن ئەولاوانەی لە سوید وەكوو دیّنیّ و دەوەن خۆیان بەخزمەتكاری نەتەوەی كورد بزانن،دەبا من و تۆ و ئەوانیتریش ئەم هەلْویّستەیان لەیاد نەكەین بەرەو پیریانەوە  برِۆی چونكە پاشەرِۆژیّكی رِون وگەشیان هەیە بۆ ئیّمەی كورد،هیوای سەركەوتن بۆ دیّنیّ و دەوەن دەخوازین.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.softwarelabs.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.softwarelabs.com